کارمەندێکی نەخۆشخانەی ئێمرجینسی

"ئەوانەی خۆیان دەسوتێنن هەرگیز بۆ ئەوە خۆیان ناسوتێنن کە بمرن گەر دەزانن دەمرن هەرگیز خۆیان ناسوتێنن"

ئا/ هانا شوان

سەرجەم ڕۆژنامەکانی ژنانو لاپەڕەی ژنانی ڕۆژنامەکانو هەندێ ڕۆژنامە بابەتی تایبەت بەخۆسوتاندنی ژنان لەخۆدەگرێتو هەموو جارەکانیش چیرۆکە پڕ مەرگەساتەکان کوژرانی ژنێکمان بۆ دەردەخاتو لەهەواڵەکانیشدا ڕۆژو مانگو ساڵو تەمەنی سوتاوێکمان پێ دەوترێت. ئەمجارە جیاواز لەجارەکانی پێشوو (ڕێوان) لەسەردانێك بۆ ئەو نەخۆشخانەیەی کە ساڵانێکە تەنها نەخۆشخانەیە بەشی سوتاوی هەیەو ئەو ژنانەی لەناوچە جیاجیاکانی حەوزی بتوێنو دەشتی شارەزوورو گەرمیانەوە بەسوتاوی دەگەیەنرێنە نەخۆشخانەی ئێمرجینسی لەسلێمانی کە لەسەرتاسەری عێراقدا دوو نەخۆشخانەی ئێمرجینسی (هەولێرو سلێمانی) هەیەو سوتاوەکان چارەسەر دەکەن: گفتوگۆیەکی کراوەی لەگەڵ ئەو کەسانەدا ئەنجامدا کە قۆناغ بەقۆناغ (سوتاوەکان)یان دەگاتە لا،(بەهەمەن ئەبوبەکر) گەنجێکی هێمنو لەسەرخۆ بوو، بەڵام بەدڵنیاییەوە ئەو هێمنییە نەدەما لەکاتی کارکردندا، چونکە ئەو سەرۆکایەتی بەشێك دەکات ئەویش بەشی (opd)یە کە کارەکانی وا دەخوازێت فریای ڕزگارکردنی ژیانی کەسێك بکەوێت. ئەو بەرپرسی بەشی فریاکەوتنی نەخۆشخانەی ئێمرجینسییەو لەگەڵ گەیشتنی هەر سوتاوێکدا ئەوو بەشەکەی فریای دەکەون، بەهەمەن وەك ئەوەی ساڵانێك بێت بێدەنگی هیلاکی کردبێتو بێئومێدیش بوویێت لەچاکردنی وەزعی ژنان "تەنها لەمانگی ١ و ٢ دا ٦٢ کەس بەحاڵەتی خۆسوتاندنی مردوون، بەڵام ساڵی پار واتە بەدرێژایی ساڵەکە ١٦٠ کەس مردووە بەخۆسوتاندن کەواتە ڕێژەکە بەرزبۆتەوە". ئەو هێندە قاڵبووی ئەو کارکردنەیەو مامەڵەی لەگەڵ ئەو ژنانەدا کردووە کە خۆیان دەسوتێنن، دەتوانێت تەمەنو ڕێژەو جۆری خۆسوتاندنەکانیان دیاری بکات "زیاتر ئەوانەی خۆیان دەسوتێنن خوار ١٨ ساڵن، بەتایبەت ئەوانەی زەواجیان کردووە حاڵەتی تایبەتیش هەیە بۆ نمونە کچێك خۆی سوتاندو نەمرد تا ئەمڕۆکەش چارەسەر وەردەگرێت کچێکی هاوڕێی لاسایی دەکاتەوەو خۆی سوتاندو مرد". ئەو گوێنەگرتن لەگەنجەکانو بەهەند وەرنەگرتنی خەمەکانیان بەهۆکارێکی سەرەکی خۆسوتاندنی کچانی گەنج دادەنێت "گوێیان لێناگیرێت ئەوانیش بۆ سەرنجڕاکێشانی بەرامبەرو بەدەستهێنانی بەزەیی خۆیان دەسوتێنن بەدەر لەوەی بیر لەدەرئەنجامی ئەو کارە بکەنەوە"

عەتا حسێن گەنجێکی تەرەو لەهەمان بەش کاردەکات ئەو مەسەلەی خۆسوتاندنی ژنان بەزەنگی داڕوخانی کۆمەڵگا لەقەڵەم دەدات "بەپارتێکو چوار ڕێکخراو ئەوە چارەسەر ناکرێت کۆمەڵگایەکی عەشایەری نەخوێندەوار، هەروا دەبێت ڕێژەی سوتان لەساڵی ١٩٩١ەوە ساڵ بەساڵ زیادی کردووەو ئەوانەشی کە دێن زۆربەی لەقەزاو ناحیەکانەوەن واتە دەرەوەی شار".

بەهەمەن ئەبوبەکریش وردتر لەژیانی ئەو ژنانەی ڕوانیوەو دەڵێت "کێشەکان لەدوای شوکردنەوە سەرهەڵدەدەنو پاش چەند ساڵێك کێشەکە گەورە دەبێتو بەخۆسوتاندن کۆتایی دێت"

عەتا حسێن هاوڕایەو دەڵێت "کچێك بەدڵی خۆی شو دەکات، بەڵام تەدەخولاتی خەسوو شوبراو.. کوڕەکە خانوی دەست ناکەوێت حکومەتیش لەخەمی دابینکردنی شوێندا نیە بۆ گەنجەکان کێشەکان گەورە دەبنو دەگاتە لای ئێمە" بەهەمەنیش سەبارەت بەئەرکی حکومەت دەڵێت "کارەبا باش بووە سوتاوی بەمودلیدە کەم بۆتەوە"، بۆ دیاری کردنی ڕێژەکانی سوتاندن عەتا دەڵێت "بەگشتی تەمەنیان لە ١٥-٣٠ ساڵیدایە". بەڵام بەهەمەن دەڵێت "ڕێژە بەرزەکەی ١٥-٢٠ ساڵن"

بەهادین ١٠ ساڵە یاریدەدەری پزیشکییەو مامەڵەی بەردەوامی لەگەل سوەتاوەکاندا هەیە، "ئەوانەی خۆیان سوتاندوە دێنە ئێرە دەڵێن سوتاوین، ئەو ڕەسمە دەبینی ئەوە کارمەندی ئێرە بوو، چونکە منداڵی نەئەبو، خۆی سوتاند ئەم کۆمەڵگەیە شەرم کوشتویەتی کێشەکانیش هەروەکو خۆیانن"

بارزان کارمەندێکی تری نەخۆشخانەی ئێمرجینسی بەهێمنییەوە وەك ئەوەی بیەوێت نهێنییەك بدرکێنێ وتی "پیاو هۆکارێکی سەرەکییە ژنێك وتی بەپیاوەکەمم وت خۆم ئەسوتێنم وتی چاوت دەربێ منیش خۆم سوتاند" بەهادین گریمانەیەکی تری هەیەو پێی وایە ژنان بۆیە پەنا بۆ خۆسوتاندن دەبەن" ئەو دەیەوێت بەو کارە دەوروبەرەکەی تەنبێ بکاتو ژنانێکیش هەن دەزانین خۆیان سوتاندوە، بەڵام دانی پێدانانێنو زۆرجاریش گوێی لێ نەگرتن هۆکارێکی سەرەکییە" عەتا مەسەلەی خۆسوتاندن وەك مەسەلەیەکی هەستیارو گرنگ دەناسێنێ، هەر بۆیە جگە لەپرسیار کردن لەحاڵەتەکان لەدەریشەوە پرسیاری کردووە" لەدەرەوە وا باوە ئەوەی بڵێت خۆم سوتاندوە دەرزی ژەهری لێدەدەن بۆ ئەوەی بمرێت" ئەو سەرنجێکی تری هەیە" ئەوانەی خۆیان دەسوتێنن هەرگیز بۆ ئەوە خۆیان ناسوتێنن کە بمرن گەر دەزانن دەمرن هەرگیز خۆیان ناسوتێنن" بەهەمەن یەکێك لەو مەسەلانە دەوروژێنێت کە خەمی زۆرێك لەکچانە ئەویش نەهێشتنی چونە دەرەوەیە "پیاو کە کێشەی دەبێت دەچێتە دەرەوەو خەمە بەبا دەکات، بەڵام کچێك لەماڵەوە فشاری زیاتری لەسەرە دەیەوێت شو بکات ئەو کوڕە بۆ داوای تۆ دەکات؟! چیت هەیە لەگەڵیدا؟"

عەتا دەرئەنجامی کێشەکان بەو شێوەیە وەسف دەکات "ژنەکە خۆسوتاندن بەدوا چارەسەر دەبینێو ناشزانێ ئەنجامەکەی چییەو لەوپەڕی نائومێدیدا وادەکات" بەهادین تەواو بێئومێدی خۆی لەگۆڕان لەکۆمەڵگدا بەیان دەکات "تا ئێستاش دیوەخان حاکمە، ئێمە بەئاسانی باسی کێشەکان دەکەین، دو سەیارە لەیەکیاندا پیاوەکە دەیوت خۆش نابم ژنەکە بنێشتی لەدەما بووە هەر ئەو پیاوی سوڵحەو دور نیە بۆ مەسەلەیەك سوڵح بەخوشکەکانی بکات"

بارزان جەخت لەتاوانباربونی پیاوان دەکاتەوە لەهەندێ حاڵەتی خۆسوتاندنی ژنەکەدا "پیاو پشتی قایمە بەئاین، دابو نەریت.. ئەوانەی باس لەپێشکەوەتنی کۆمەڵگا دەکەن ڕاست ناکەن واقیعەکە بەشێکی لێرەیە "عەتا کەمەوکوڕی لەکارەکانی ڕێکخراوەکاندا دەست نیشان دەکات" هەر ڕاگەیاندن وایکرد خەڵك لەمریشك بترسێ، پێشتر کەس خۆی نەدەبەستەوە، بەڵام بەرنامەی مرور کاریگەری هەبو، بەڵام کوا فشاری ڕێکخراوەکان؟" هەروەها دەڵێت "ئەوانەی خۆیان دەسوتێنن یەکجار حاڵەتێکی سوتاو ببینن وا ناکەن لەو کاتەوەی حاڵەتی سوتان ئەبینم لەماڵی خۆماندا غازم بردۆتە دەرەوە ئاگاداری موەلیدەم" بەهەمەنیش دەڵێت "کاری ڕێکخراوەکانە کار بۆ کەمکردنەوەی ئەم حالەتە بکەن"

بەهادین ئەحمەد بەرپرسی بەشی سوتاوی گەورەیەو دەڵێت "زۆربەیان ژنن لەحەوزی بتوێنو گەرمیانو شارەزوورو تەنانەت کەرکوکیشەوە حاڵەتمان بۆ دێ زۆربەی بەهۆی کێشەی کۆمەڵایەتیەوەو حاڵەتی دەرونیشی تیدایە هۆکارەکانیش زۆرن" هەروەها دەڵێت "ئێمە هەوڵی چاکبونەوەیان دەدەین، بەڵام وا دەشێوێن خەڵك سڵیان لێدەکەنەوە، نەخۆشمان هەیە چەند ساڵ بەبەردەوامی سەردان دەکات بۆ چارەسەرکردن، گەنجەکان گوێیان لێناگیرێتو ژنی واش هەیە اش ٤-٥ منداڵ کیشەکانی ئەوەندە لەسەرکۆبۆتەوە خۆی دەسوتێنێ" ئەو بەشەکەی خۆی بەبەشێکی چارەسەر ساز بۆ سوتاوە دادەنێت، بەڵام دەرونی ئەو سوتاوە کێ مامەڵەی لەگەڵ دەکات "پێویستمان بەتوێژەری کۆمەڵایەتی هەیە ئێمەش دەرونمان هیلاکە ئێمە بۆ سوتاوێك دەتوانین تەنها چارەسەر بکەین، بەڵام چارەسەری کێشەکە کێ بیکات"

مەحمود وەلی عەبدوڵا لێکۆڵەری یاساییەو لەگەڵ هەموو حاڵەتێکی سوتاندا ئەو ئیفادەی قوربانیەکە وەردەگرێت ئەویش جەخت لەوە دەکاتەوە کە ژنەکان ناڵێن خۆمان سوتاندوە، هەر بۆیە سکاڵا تۆمار ناکەن "ئێمە پاش وەرگرتنی ئیفادە دەیخەینە بەردەم دادوەر، بەڵام ٩٠ی خۆسوتاندنەو شکاتیش ناکەن، ئێمە دەزانین کە خۆی سوتاندوە یا سوتاوە" هەروەها دەڵێت "کچێك داوای گۆرانی داواکراوی کردبو، براکەی لێیدابو تەلەفونی بۆ برایەکی تری کردبو کە پێشمەرگەیە، ئەویش گەڕابووەوە ئەوەندەی تری لێدابو، کچەکەش خۆی سوتاند چەند سەعاتێك ژیاو سکاڵای تۆمار نەکرد".

یەکێک لە مناڵە مەیگێڕەکان

ڕەنجدەر

موشتەرییەکەی کوشت

ئۆفیسی رانیە

ڕەنجدەر لە ترس و شەرم و ڕق و ئەوپەڕی تورەییدا بەردەکەی بەرزکردەوەو نەیدەزانی بۆ؟! کە خوێنی ئەو فیچقەی کرد زانی کوشتویەتی ئەوجا خۆی تەسلیمی پۆلیس کرد، ڕەنجدەر منداڵێکی هەژاری دانیشتوی رانیە بوو لە بەر بژێوی ژیان ناچار بوو لە مەیخانەیەك کار بکات و ئەکاتەی موشتەریەکی بڕیاری ئەوەی دا دەستدریچژی بکاتە سەر قەدەریش بڕیاری ئەوەی دا ئە و بێتە زیندانی، ژیان ئەو و مندلانی هاوشێوەی ناچار کردوە کە کارێك بکەن بە خواستی خۆیان نیە، دیار منداڵێکی ترەو لەبەر دابینکردنی بژێوی ژیانی ناچارە لەیەکێك لە مەیخانەکان کار بکات"سێ ساڵە لێرە کار دەکەم، کار کردن لێرە زەحمەتە چونکە مشتەریەکان مامەڵەیان ناشیرینە" ئەو بە حەسرەتەوە ووتی"ئیشێکی باشترم دەست ناکەوێت سەربەرزانە پێ بژیم" هەندێك لە کەس وکاری ئەو مندلانەی لە مەیخانەکان کار دەکەن بە ترسەوە لە ئایندەی منالەکانیان دەروانن و هەندێکیشیان تەنها لە بەر بڕێك پارە هانیان دەدەن باوکی دیار دەڵێت ئەو کارەی دیاری پێ ی باش نیە بەلام گوزەرانمان ئەوەندە سەختە کە ئەو کار نەکات منداڵەکانم برسی دەبن، حەوت منداڵم هەیە و کرێکارم" بەلام باوکی منداڵێکی تر کە هەر لە مەیخانە کار دەکات ووتی"گرنگ نیە چ کارێکدەکەی گرنگ ئەوەیە خۆت بژێنی" ئەوە قسەی باوکی (کۆسرەت) بوو ئەو گەنجەی چەند ساڵێکە لەسەر دوکانێکی مەیفرۆشتن کار دەکات کۆسرەت دەڵێت"من ناچارم ئەو کارە بکەم" باوکی منداڵێکی تر کەلەدوکانێکی مەیفرۆشتن کار دەکات دەڵێت"لە راستیدا پێم باش نیە کورەکەم ئەم کارە بکات بەلام ژیان و گوزەران وای کردوە کە ئەگەر پێشم ناخۆش بێت ناچارە ئەو کارە بکات".